کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئامادەیی خۆی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەوادەی دیاریکراوی ڕاگەیاند

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئامادەیی خۆی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە لە 11ی (تشرینی دوەم/11)ی ئەمساڵ ڕاگەیاند کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە ئەمڕۆ چوارشەممە دیاریکرا.

جومانە غلای، وتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە لێدوانێکدا بڵاویکردەوە، "کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراودا".

لەکێبونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە درێژکراوەی کێبونەوەکەی دوێنێ بو، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی دیاریکرد کە بەپێی وادەکە 11ی (تشرینی دوەم/11)ی ئەمساڵ پرسەکە ئەنجامدەدرێت.